گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران … دڵشاد تاقانە

عەرەبانەکەت ڕاکێشە..

جمەی دەهات ناو بازاڕی گەورە، شان شانی دەسمی ڕێ بەبەر ڕێداری نەدەکەوت، دەتگۆت خەڵکی ئەو شارە هەمووی لەبازاڕیە و چ کاری دیکەیان نیە بەوە دیارە وڕاتەکە بەکارهێنە بەرهەمهێن نیە! عەگال و جەمەدانی تێکەڵ ببوو لەبەر هەردوکانێک شێوە زمانێک قسەی پێدەکرا لەهەمووی خێشتر کابرای سیریلانکی بوو بەکوردی بەژنەکی کۆیاری دەگۆت: دەسانی ئەتو برد لەماڵ، ئەتو هینا لێرانە، ئەتو کارتێن ئە (گوایە سەری کارتێنەکەی کردیتەوە) خوسکم نابی نابی نابی. ژنەو دەوروبەرەکەی هەرپێدەکەنین. لەولاتر کابرای کوتاڵفرۆش لەسەر عارەبانەکەی ڕای دەکێشا هاواری دەکرد: قوماشی لاکیشمیبای، وەرن وەرن کراسی لاکیشمیبای؟ ژنەک دەنگی دا: ئەرێ کاکە هەموو شەوێ ڕێزە فلیمە هیندیەکەی لاکیشمیبای دەبینم کا ڕەنگی کراسەکەی وایە؟ کوتارفرۆش: ئەرێ خوشکم کەس هیچم لێناکەی ئەمنیش ناوم لەقوماشەکەی نا لاکشمیبای. هەندەی پێنەچوو مەترەک لەدوو تۆپە قوماشەکەی نەماوە هەربابا بوو قوماشی لێدەکەی هاهاهها دەتگۆت بەرەبەری جژنەی عەرەبانە! ئێستا بەدەرکەوت لێ هەموو قوماشەکان جارانیش ناویان هەبوو دەفرۆشان ڕوحی ئەفەندی و پەڵی مشۆ، گورباتمان و ڕۆی تارانێ، ڕیشی مام جەلالی..... لەو ناوە منداڵە دەرزەکەرەکە کەتیرەیی بەکچی پوریەوە نوسابوو هەردەکۆزاوە خەرم پێبکە توخوا توخوا… ئەویش جانتاکەی شانی کردەوە هەزاریەکی دایە لەکێ خەی کاتەوە کەچی بەکچە کوردستانیە هەندەرانیەکەوەش نوسا دوێنێ گەیشتبێوە کوردستان، داوای لەویش دەکرد! کچە پور توڕەبوو: دەبێ دەی لەکەرمان بەوە عارەبانەکەت ڕاکێشە. کچە هەندەرانیەکەش بەسەرسوڕمانەوە پرسی: کا خێ عارەبانەی پێ نیە؟

دڵشاد تاقانە

Dlshadtakana@yahoo.com